خۆپیشاندانی "نەوت" و سەنووری چارەسەرکانی سەرمایەداری.. کاوە کەریم

لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦، ئەکادیمیای زانستەکانی سویدی خۆپیشاندانی ئابووریی بانکی ناوەندی سویدی بە "نۆبڵ"ی ئابووری ناودەبرت ئەلفرێد" بەخشی، بەهای "پڕۆپەدانی بنەما میکرۆئیکۆنۆمیکان و جێگیرکردنی ماکرۆئیکۆنۆمی". ئامانجی سەرکیی تۆژینەوەکانیان پڕۆپەدانی مەدەلە ئابووریییەکانە، بەشێوەیەک کە یارمەتی دەوڵەت و بانکە ناوەندییەکان بدەن کاریگەریی ئاژۆگۆڕە ئابووریییەکان کەم بکەنەوە و بە سیاسەتی دارایی و نەقدییەوە هاوسەنگیی ئابووری بپارێزن.
ئەم خۆپیشاندانە پرسیارێکی گرنگی سیاسی و تیۆریی دەخاتەڕوو: تا چەندە مەدەلە نوێکانی ئابووری دەتوانن قەیرانەکانی سەرمایەداری بەرەوە ببەن؟ ئایا جێگیرکردنی ئابووری بە مانای چارەسەرکردنی هەکارە بنەڕەتییەکانی قەیرانەکان، یان تەنها هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی لە چوارچێوەی هەمان سیستەمدا؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو ئاستی شیکردنەوەدا بکەین: یەکەم، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئابووری و کەمکردنەوەی تووندیی قەیرانەکان، دووەم، شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییە کەمایەتی و چینایەتییانەی کە سیستەمی سەرمایەداری لەسەریان دامەزراوە. ئەم دوو ئاستە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەڵام یەک شت نین.
بگومان، مەدەلێکی ئابووری دەتوانێت لە ڕووی تەکنیکییەوە یارمەتیی بەڕێوەبردنی قەیران بدات، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە هەکارە مێژوویی و کەمایەتییەکانی قەیرانەکەی ڕوون کردبێتەوە. هەر لەرەوە ڕەخنەی مارکسیستی دەست پێدەکات: نەک بە تەکردنەوەی هەموو ئامرازێکی ئابووری، بەڵکو بە پرسیارکردن لە سنووری تیۆرییەکان، ئەو پەیوەندییانەی کە دیانخەنە ناو شیکردنەوەکە و ئەو ڕاستییانەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەکەیان دەمێننەوە.
لە سەدەی بیستەمدا، سەرمایەداری چەندین قۆناغی قەیران و گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووریی بەخۆوە بینی. قەیرانی گەورەی ئابووریی ساڵی ١٩٢٩ و دواتر، لەگەڵ بکاریی بەربڵاو و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان ڕووبەڕوو بوونەوە. بەیە ئابووریناسان

گشتنی ئەو بۆچوونەی کە بازاڕ بە تەنیا و بێ دەستوەردانی حکومەت ناتوانێت هەمیشە هاوسەنگیی ئابووری بپارێزێت و قەیرانەکانی چارەسەر بکات. لەو بارودۆخەدا، بیرکەرەکانی "جۆن ماینارد کینز" گرنگییەکی تایبەتیان پەیدا کرد. "کینز" پێی وابوو کە لە هەندێک بارودۆخدا، بە تایبەتی کاتێک خواستی کۆمەڵایەتی و وێڕاهێنان دادبەزێت، بازاڕ بەتەنها ناتوانێت بە خێرایی ئابووری بگەڕێنێتەوە سەر ڕێگای گەشەکردن. لەبەرئەوە، دەوڵەت دەتوانێت بە زیادکردنی خەرجیی گشتی، هاندانی داواکاری و بەکارهێنانی ئامرازی دارایی و نەقدییەکان کاریگەری لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان و دامەزراندن دابنێت.
لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، سیاسەتی "کینزییەکان" لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاوا بوونە بەشێک لە سیاسەتی ئابووری. لەهەمان کاتدا، دەوڵەتی ئاسوودە و هەندێک بەرنامەی سۆسیال-دیموکراتی، بەهۆی فشاری بزووتنەوە کرێکارییەکان و کۆمۆنیستەکان و هاوسەنگیی هێزە سیاسییەکان، ڕێگای گرنگیان لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی، پاراستنی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی هەندێک نایەکسانی گرنگ. بەڵام ئەم ڕێگەیە بە هەمیشە بەردەوام نەبوو. لەکاتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای هەشتاکاندا، لەئەنجامی پاشکۆیی مۆدیلی سەرمایەداری دەوڵەتی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات، هەروەها کاریگەریی هەڵاوسانی بەرز، کێشەکانی بەرهەمهێنان و قەیرانەکانی ئابووریی جیهانی، ئاراستەی سیاسەتی ئابووریەکان لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاوادا دەستی بە گۆڕانکی بەرچاو کرد. لەم قۆناغەدا، بیرکەرەکانی "نیولیبرالیزم" زیاتر بوونە بنەمای سیاسەتکانی حکومەتەکان، سیاسەتێک کە تایبەتیکردنی هەندێک کەرتی گشتی، کەمکردنەوەی خەرجیی کۆمەڵایەتی و بیمەکان، ئازادکردنی بازاڕ و گەیینی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و سەرمایەی لێخ دەگرت.
لەووی مێژوویەوە، بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بە" فریدریش هایک " لە ساڵی ١٩٧٤دا دەتوانرێت وەک بەشێک لەهەلومەرجی ئەو کاتە و ملمەلانێی نێوان ئاراستە جیاوازەکانی بیرکردنەوەی ئابووری بخوێندرێتەوە. "هایک" ڕێخنەگرێکی توندی پلاندانانی ناوەندی و دەستتێوەردانی فراوانی دەوڵەت لە ئابووریدا بوو، لە بەرامبەریشدا جەختی لەسەر ڕۆڵی بازاڕ و سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکردەوە. لەبەرئەوە، خەڵاتکەی دەتوانێت وەک نیشانەیەک لە گرنگیی ئەو ئاراستە فکرییە لە مێژووی بیرکەی ئابووریەکاندا لەکبەدرێتەوە. ئەو گۆڕانکارییانە دەرئەنجامی کۆمەڵێک هەکاری ئابووری، سیاسی و مێژوویی بوون، لەوانە قەیرانەکانی ئەو سەردەم و گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لەنێوان دەوڵەت، سەرمایە و چینی کرێکار.

لەرەوە پرسیارکی گرنگ دێتە پێشەوە: ئەم گۆڕانە لە سیاسەتە ئابوورییەکاندا چەن پەیوەندیی نێوان دەوڵەت، سەرمایە و چینی کرێکاری گۆڕی؟ ئایا ئازادکردنی بازاڕ و کەمکردنەوەی دەستتێوەردانی دەوڵەت توانای سەرمایەداریی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی زیادکرد، یان لەهەندێک بارودۆخدا، تەنها شێوازی دابەشکردنەوەی تێچووی قەیران و بارگرانییە کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕی؟ لەم ڕوانگەیەوە، کێشەکە تەنها ئەوە نییە کە کام سیاسەتی ئابووری کاراترە، بەڵکو ئەوەشە کە سوودی ئەو سیاسەتانە بۆ کام چین و گرووپی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە و تێچووەکانیان لەسەر شانی کێ دەکەوێت؟

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مەدەڵەکانی" بەبڕت هێڵ و مایکڵ وودفۆرد" ئەوەیە کە دیاردە گەورەکانی ئابووری، وەک هێڵاوسان، گۆڕانی بەرهەمهێنان و سووڕەکانی سەروبەرزی و نزمبوونەوەی ئابووری، بە پشتبەستن بە بنەما "میکرۆئابوورییەکان" شیدەکرێنەوە. لەم مەدەڵانەدا، بەیارەکانی خەزان و کەمپانیاکان، چاوەڕوانییەکانیان سەبارەت بە داهاتوو و کاریگەریی سیاسەتی دارایی و نەقدی، هتد.کی گرنگ لە هەونکردنەوەی گۆڕانکارییە ئابوورییەکاندا دەگێڕن. بە نموونە، چاوەڕوانیی خەزان و کەمپانیاکان سەبارەت بە داهاتی داهاتوو، نرخەکان و بەیارەکانی بانکە ناوەندییەکان، دەتوانێت کاریگەری لەسەر خەرجی، وەبەرهێنان و بەیارەکانی ئابوورییان هەبێت. بەڵام لەڕەدا قسە لەسەر دروستی یان نادروستی مەدەڵەکە نییە بەڵکو ئەوە نییە بەڵی ئەم شێوازی شیکردنەوە بەکارهێنەت، پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە ئایا ئەم شێوازی شیکردنەوە، لەگەڵ بەیارە تاکەکەسییەکان، پەیوەندییە مژوویی و چینایەتییەکانی بەرهەمهێنانیش لەبەرچاو دەگرێت؟ یان ئەو پەیوەندییانەی کە بارودۆخێکی دەرەکی و پێشوەختە ئامادەکراو وەردەگرێت، بە ئەوەی چۆنیەتیی پەیدابوون و گۆڕانیان لە ڕەوتی مژوویدا شیکاتەوە؟
لەلای مارکس، ئابووری تەنها کەی بەیارە سەربەخۆکانی تاکەکان نییە. سیستەمی سەرمایەداری لەسەر پەیوەندییەکی دیاریکراوی خاوەندارێتی و بەرهەمهێنان دامەزراوە. لەلایەکەوە، خاوەن سەرمایە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هەن، لە لایەکی تریشەوە، کرێکاران هەن کە بە بەدەستهێنانی مانەوەی ژیانیان ناچار دەبن هێزی کاری خۆیان بفرۆشن. ئەم دوو پێگەیە تەنها جیاوازیی نێوان ئارەزوو و هەبژاردەی تاکەکەسی نین. ئەوان بەرهەمی مژوویەکی کۆمەڵایەتین کە خاوەندارێتی، دەسەڵاتی ئابووری و توانای بەیاردان بە شێوەیەکی

نادادپەروەرانە و نایەکسان دابەشدەکەن. بۆ نموونە، خاوەن کۆمپانیا دەتوانێت لەسەر بنەمای چاوەڕوانیی قازانج بۆیار لەسەر وەبەرهێنان بدات، بەڵام کرێکاران لەهەمان بازاڕدا لەژێر فشاری دابینکردنی ژیانی خێی و خێزانەکەیدایە. هەردووکیان بۆیار دەدەن، بەڵام لەهەمان پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا نین. ئەم مەسەلە ئەم جیاوازییە لەبەرچاو ناگرێت، هەربۆیە پێوەندییەکی چینایەتیی مەژووویی بە کۆمەڵێک هەڵبژاردەی تاکەکەسی سادە دەکاتەوە.
بەڵام ئەمەش بەمانای نەکردنەوەی هەموو شیکردنەوەیەکی "میکرۆیی" ئابووری نییە. نەخێر لەم مەسەلانە لەوە دایە کە پێوەندییە چینایەتیەکان و پێگەی کۆمەڵایەتی چینەکان حسابی لەسەر ناکرێت و پشتگوێ دەخرێت، ئەوەش کاریگەرێکی گەورەی دەبێت لەسەر ئەنجامەکانی هەر تیۆرییەک، یان چۆن ئەو سنوورە کاریگەرییە لەسەر سیاسەتە پێشنیارکراوەکانی دادەنێت. لەبەرئەوە، پرسیاری ناوەندی ئەمە نییە کە ئایا شیکردنەوەکە لە تاکەکەسەوە دەست پێدەکات یان لە کۆمەڵگەوە، بەڵکو ئەوەیە کە ئایا پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، کەڵەکەکردنی سەرمایە و دەسەڵاتی چینایەتی دەخاتە ناو ناوەندی شیکردنەوەکە، یان لە دەرەوەی چوارچێوەکەی دەیهێڵێتەوە.
لە سەردەمی ئێستادا، سەرمایەداریی جیهانی بەدەست قەیرانێکی جیهانییەوە دەناڵێنێت، دووچاری کۆمەڵێک کێشە و ناکۆکیی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بۆتەوە، کێشەگەلێک کە توانای سیستەمی سەرمایەداری بە بەردەوامبردنی قەیرانکانی خێی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. دابەزینی هێڵەی قازانج، قەیرانی دارایی، بارگرانیی قەرز، نائارامیی بازاڕ و نایەکسانیی داهات و سامان، هەموویان ئەو پرسیارە گرنگە دەخەنە ڕوو کە ئایا ئامرازە باوەکانی سیاسەتی ئابووری دەتوانن لە سنووری کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییەکانی قەیران تێپەڕن و هەکارە بنەڕەتییەکانی چارەسەر بکەن.
بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دووچاری مەیلی دابەزینی هێڵەی قازانج بۆتەوە، بەهۆی قەیرانکەوە لە قۆناغێکدا وەستاوە کە ناچارە شێوازەکانی بەردەوامبردن و کۆنترۆڵکردنی پرسە ئابوورییەکانی بگۆڕێت. بەڵام، گۆڕینی ئەم شێوازانە بەمانای ڕزگاربوونی سەرمایەداری لە قەیران نییە. سیاسەتی "ماکرۆئابوورییەکان" گۆڕینی ئامرازەکانی بەردەوامبردنی سەرمایەداری و پاراستنی پێوەندییە ئابوورییە باوەکانە، نەک گۆڕینی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان کە دەتوانن ببنە هۆی گۆڕانکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەرمایەداریدا. چونکە ئاگەر قەیرانەکان بەردەوامبن و شێوازە باوەکانی بەردەوامبردنی ئابووری نەتوانن چارەسەرێکی جێگیر بۆیان بدۆزنەوە، ئەوا لەوانەیە مەرجی مەژووویی بۆ گۆڕانکارییەکی

قووەتر بەتە ئاراوە. بەڵام، ئەم گەشەپێدانکاریییە بە شێوەیەکی خەباتی و حەتمی ڕووندەدات، بەڵکو ئاراستە و ئەنجامەکەی پەیوەندی بە هاوسەنگیی هێزە چینایەتییەکان و توانای جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە.

لێرەدا جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان گەشەپێدانکاری لە ناو سەرمایەداریدا و گەشەپێدانکاری لە پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی خودی سەرمایەداریدا دەردەکەوێت. یەکەمیان دەتوانێت شێوازەکانی کارکردنی سیستەم بگۆڕێت، بەبێ ئەوەی بنەمای چینایەتی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بگۆڕێت، بەڵام دووەمیان پێویستی بە گەشەپێدانی بنەڕەتی لەخودی ئەو پەیوەندییانەدایە. هەر لەو چوارچێوەیەدا، پرسەکە ئەوەیە ئایا تاچ ڕادەیەک ئامرازە ماکرۆئابوورییەکان دەتوانن قەیرانەکانی سەرمایەداری کۆنترۆڵ بکەن، بە ئەوەی سەرچاوە بنەڕەتییەکانیان بگرێن.

لە ڕوانگەی ئەم ڕەخنەیەوە، کەشکانی وەبەرهێنان، دابەزینی ڕێژەی قازانج و نائارامیی بازاڕ نابێت تەنها وەک کێشەیەکی تەکنیکی لە ڕێکخستنی سیاسەتی نەقدی و دارایی سەیر بکرێن. بەڵکو دەبێت ئەو پەیوەندییە مێژوویی و چینایەتییانەش لەبەرچاو بگیرێن کە لە چوارچێوەیاندا بەرهەمهێنان، کێشەکەی سەرمایە و دابەشکردنی قازانج ڕێکدەخرێن.

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ئابووریی سەرمایەداری لە قۆناغە قەیرانئامێزەکاندا، ئەوەیە کە وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان بە تەنها بە بوونی ئامرازەکانی سیاسەتی نەقدی و دارایی بەردەوام نابن. تەنانەت ئەگەر بانکە ناوەندییەکان ڕێژەی سوود کەم بکەنەوە و مەرجەکانی قەرزگرتن ئاسانتر بکەن، ئەمە بەخۆی گەرەنتیی زیادبوونی وەبەرهێنان لە بەرهەمهێنانی ئاستقینەدا نییە. ئەگەر کەمپانیاکان و وەبەرهێنان دووچاری کەمی ڕێژەی قازانج ببنەوە، یان بازاڕی فرۆشتن و خواستی بەرهەمەکان لاواز بێت، نزمکردنەوەی ڕێژەی سوود لەوانەیە بە تەنها نەبێتە هۆی زیادبوونی وەبەرهێنان. بەپێچەوانەوشەوە، بەرزکردنەوەی ڕێژەی سوود بە کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان دەتوانێت تێچووی قەرز زیاد بکات و فشار لەسەر وەبەرهێنان و بەرهەمهێنان دروستبکات. بەم شێوەیە، ئامرازەکانی سیاسەتی نەقدی لە نێوان دوو ئامانجی قورسدا دەجووڵێن: کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان و پاراستنی چالاکیی ئابووری.

بەڵام کێشەکەش لەمەش قووڵترە، ئەگەر کێشەی وەبەرهێنان و قازانج تەنها بە گەیشتن بە ڕێژەی سوود چارەسەر نەکرێت، ئەوا دەبێت بپرسین ئایا کێشەکە تەنها لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئابووریدایە، یان پەیوەندی بە خودی شێوازی بەرهەمهێنان و کێشەکەی سەرمایەوە هەیە.

ئەم پرسیارە جیاوازیی نێوان چارەسەرکی تەکنیکی بە کێشەیکی ئابووری و لێکەوینەوە لە هەکارە مێژوویی و پێکهاتەییەکانی ئەو کێشەیە دەخاتە ڕوو. لەبەر ئەوە، ڕەخنە لە ئابووریناسانی بەرژوازی باو ناباتە تەنها لەسەر ئەوە بوەستێت کە ئایا مەدەلێک دەتوانێت بە دروستی گەشەکانی هێزی سوود، چاوەڕوانییەکانی بازاڕ یان هاوسان پێشبینی بکات. پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە ئەم مەدەلانە تا چ ڕادەیەک دەتوانن هەکارەکانی قەیران لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و کۆلۆکەی سەرمایەدا ڕوونبکەنەوە. لێوانگێیەکی ڕەخنەییەوە، ئاگەر شیکردنەوەیەک قەیران تەنها بە کێشەیک لە ڕێکخستنی چاوەڕوانییەکان، سیاستی بانکە ناوەندییەکان یان هەڵەی بەیارە تاکەکەسییەکان بزانێت، لەوانەیە ئەو پێوەندییە بنەڕەتییانە لەبەرچاو نەگرێت کە قەیران لە چوارچێوەیاندا دروست دەبێت.

بەم پێیە، کێشەکە تەنها ئەوە نییە کە ئابووریناسانی بەرژوازی لە پێشبینیی قەیرانەکاندا هەڵە دەکەن، یان ئامرازەکانیان لە هەموو بارودۆخێکدا کاریگەر نین. کێشەی قووڵتر ئەوەیە کە چوارچێوەی تیۆریی ئەوان تا چ ڕادەیەک توانای ڕوونکردنەوەی قەیران و سنووردارکردنی هەیە. ئاگەر قەیرانەکان تەنها وەک ئەنجامی هەڵەی سیاستی نەقدی، نەبوونی متمانە یان ناڕێکیی چاوەڕوانییەکانی بازاڕ لێکبدرێنەوە، ئەوا ڕەنگە ئەوەی لە بنەڕەتدا پێویستی بە لێکەوینەوەیە، واتە پێوەندیی نێوان قازانج، وەبەرهێنان، بەرهەمهێنان و ملمانێی چینایەتی، لە چوارچێوەی شیکردنەوەکەدا جێگایەکی تەواوی نەبێت. لەڕەدا ڕەخنەکە لە سنووری توانای پێشبینی تەدەپەڕێت و دەگاتە سنووری چوارچێوەی تیۆرییەکە بە تێگەیشتن لە خودی قەیرانەکە.
لەهەمان کاتدا، مەدەلەکانی جێگیرکاریی "ماکرۆئابووری" هەوڵ دەدەن چوارچێوەیەکی تیۆری بە تێگەیشتن لە کاریگەریی سیاستی نەقدی و دارایی، چاوەڕوانییەکانی بازاڕ و هێزی سوود دابینبکەن. ئەم مەدەلانە دەتوانن یارمەتیی شیکردنەوەی هەندێک لە دیاردە "ماکرۆیکۆنۆمی" یەکان بدەن، بەڵام، توانای شیکردنەوەی دیاردەکان بەتەنها بەگەی ئەوە نییە کە هەکارە پێکهاتەییەکانی قەیرانیشیان ڕوون کردووەتەوە. بە نموونە، کۆنترۆڵکردنی هاوسان دەتوانێت یەکێک لە ئامانجەکانی سیاستی ئابووری بێت، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئەم سیاستانە بە چ نرخێکی کۆمەڵایەتی بەدەست دێن و بارگرانییەکانیان لەسەر کام چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێت.

ئەگەر کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان بە سیاسەتێک بگاتە ئەنجام کە بێکاری زیاد بکات، کرێ بخاتە ژێر فشار یان توانای چینی کرێکار بۆ داواکردنی مافەکانی و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی لاواز بکات، ئەوا پێویستە ئەم کاریگەرییە کەمایەتییانەش لەگەڵ ئەنجامە ماکرۆئابوورییەکانی سیاسەتەکەدا هەبسەنگێنرێن. لەو بارودۆخەدا، جێگیریی نرخەکان بەتەنها ناتوانێت ببێتە پێوەرێکی تەواو بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی ئابووری، چونکە دەبێت بپرسین ئەم جێگیرییە چۆن بەدەست هاتووە، کێ تێچووی پاراستنی داوە و کام پێوەندییەکانی دەسەڵات و بەرهەمهێنان بەهێزتر بوونتەوە.

دەبێت ئاماژە بۆش بکرێت، لەم نێوەدا دەوڵەت لە سیستەمی سەرمایەداریدا تەنها دامەزراوەیەکی بێلایەن نییە کە لە دەرەوەی پێوەندییە ئابووریەکان وەستابێت. دەوڵەت بە یاسا، سیاسەتە دارایی و نەقدییەکان، ڕێکخستنی بازاڕی کار و دامەزراوەکانییەوە بەشێکە لە چوارچێوەی کەمایەتییەک کە بەرهەمهێنان و کۆکردنی سەرمایەی تێدا ڕێک دەخرێت.

بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە دەوڵەت بتوانێت لە هەموو بارودۆخێکدا ڕاستەوخۆ لە خزمەتی هەموو بەشەکانی سەرمایەدایە بێت. پێوەندیی نێوان دەوڵەت و چینە کەمایەتییەکان پێوەندییەکی ئاڵۆز و کاریگەریی فشاری کرێکاران، بزووتنەوە کەمایەتییەکان و ناکۆکییەکانی ناو خودی چینە خاوەن سەرمایەکانیش لەسەر سیاسەتەکان دەبێت.

لە کۆتاییدا، خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئابووری بۆ خۆی ناتوانێت وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکانی قەیرانی سەرمایەداری بداتەوە. ئەگەر مەدەلێک بتوانێت هەندێک لە میکانیزمەکانی بازاڕ و سیاسەتی نەقدی ڕوونبکاتەوە، ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە هۆکارە مێژووییەکان و چینایەتییەکانی قەیرانیشی چارەسەر کردووە. لەبەرئەوە، لەجیاتی ئەوەی تەنها بپرسین چۆن دەتوانرێت سەرمایەداری بە باشتر بگۆڕدرێت، دەبێت ئەم پرسیارەش بخەینە ڕوو: ئایا پێوەندییە بنەڕەتییەکانی ئەم سیستەمە دەتوانن بەردەوام هەمان قەیرانەکان بەرهەمبهێنن، تەنانەت کاتێک ئامرازەکانی بگۆڕدرێن؟

لەرەدا پێویستی بە گیان بەدوای ئەلتەرناتیفێکی تر دەردەکەوێت، ئەلتەرناتیفێک کە تەنها لە بگۆڕدنی باشتر و جێگیرکردنی سیستەمدا کورت نەبێتەوە، بگرە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی دەسەڵات و سامانیش بخاتە ژێر پرسیارەوە. لەم بارودۆخەدا، ئاماژەی "جەرج ماگنەس" ڕاوێژکاری ئابووریی پێشووی UBS، لە ساڵی ٢٠١١دا لە بلومبێرگ، کە بانگەشەی دەکرد "شانسێک بۆ

کارل ماركس بدەن تاكو جيهان ڕزگاربكات، جەگای سەرنجە.” ئەمەش بانگەشەيەش دەتوانێت وەک نيشانەيەک لە گرنگيی گەلانەوە بە بەخنەی ماركس لە سەرمايەداری بخوێندرێتەوە، بانگەوازێک بە دووبارەكردنەوەی پرسيارە بنەڕەتييەكانی لەبارەی قەيران، قازانج و داهاتووی سيستەمی سەرمايەداری.

دووەمی قەيران، “زيادەبەرهەمهێنان” و “زيادەيی كۆبوون”.. كاوەكەريم

دەستپێک

لەشيكردنەوەكاندا بە قەيرانی ئابوری سەرمايەداری، دوو چەمكی سەرەكی بەشێوەيەكی بەردەوام لەناو باسە تيۆريک و ئابوری سياسيەدا دووبارە دەبنەوە، ئەويش “زيادەبەرهەمهێنان” و “زيادە كۆبوون”. ئەم دوو چەمكە، هەرچەندە پەيوەنديەكی نزيكيان بەيەكەوە هەيە، بەڵام هەريەكەيان بوار و جۆرێكی جياواز لەپرۆسەی قەيرانی ئابوری لەخۆدەگرێت. لەيەكەم نيگادا، “زيادەبەرهەمهێنان” ئاماژەيە بە دۆخێک كەتێدا سەرمايەداران و كۆمپانياكان كاڵا و خزمەتگوزاری زياتر بەرهەمدەهێنن لەوەی كە بتوانرێت لەبازاڕدا ساغی بكرێنەوە و بيفرۆشرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی كۆبوونەوەی كاڵا نەفرۆشراوەكان و زيادەيی و دابەزينی نرخەكان و پاشكۆ. سەرئەنجام بەرهەمهێنان ناتوانرێت بەقازانج بفرۆشرێت، لەرشۆی قەيرانی ئابوری سەرهەڵدەدات.

كاتێكيش دێنە سەر “زيادەيی لەكۆبوون” ئاماژەيە بە دۆخێک كەتێدا ڕێژەی قازانج بەرەو دابەزين ڕۆشتووە، سەرمايەی قازانج بەخش ناتوانێت زياتر وەبەرهێنانی پەبكرێت و دەرهێنانی زيادەبەها لەكاری زيندوو سنووردار دەبێت، بۆيە سەرمايە بەشێوەيەكی بەردەوام پاشكەوت دەكرێت، “زيادەيی لەكۆبوون”ی سەرمايەدا ڕووەدات، سەرئەنجام قەيرانێک بەدوای خۆيدا دێنێت. بەواتايەكی تر كێشەكە

ئەو نییە کەکانی زەر بەرهەمهێنراوە، بەڵکو سەرمایە بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵایەتییە کە بووە بەبەراورد بە بوارانی کەدەتوانن قازانجی پێویستی بە دابین بکەن. لەکۆتایشدا سەرمایەکە وەک "سەرمایەی بەکار" دەمێنێتەوە. لەدیدی مارکسدا، ئەمە یەکێکە لەدەرخستنەکانی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەبوونی سەرمایەیە، کەتێدا سەرمایە بەردەوامی هەوڵی بەرفراوانبوونی خۆی دەدات، بەڵام هەمان ئەو پرسیارە مارجێکانی بەردەوامبوونی کۆمەڵگەبوونی سەرمایە لاواز دەکات.

هەوڵنکردنەوەی "زیادەبەرهەمهێنان" تیشک دەخاتە سەر ناتەبایی هاوکێشەتی نێوان دابینکردن و خواست، کە زەرجار وەک کەم بەکاربردن لە چوارچێوەیەکدا دادەنرێت- کرێکاران توانای کڕینی ئەو کاڵایانییان نییە کە بەرهەمیدەهێنن، بەڵام چەمکی "زیادە کۆمەڵگەبوون" لەکێشەوەی قووڵتر لە داینامیکی خودی سەرمایە دەکات. لەڕاستیدا قەیرانەکە تەنها ئەوە نییە کە کاڵای زەر هەیە، بەڵکو سەرمایەی زەر کۆمەڵگەبوون بە بەراورد بەدەرفەتی وەبەرهێنانی قازانج. سەرمایە، وەک کارگە، ئامێر، سەروەت و سامانی دارایی، بەدوای بەدەستهێنانی گەڕانەوەیەکی قازانجبەخشدا دەگەڕێت. کاتێک کەرتێکی قازانج دابەزێنێت، چیتر ناتوانرێت سەرمایە لەئاستێکی قبوڵکراوی قازانجدا وەبەربهێنرێتەوە. ئەنجامەکەی دابەزینە هەی زیادبوونی بێکاری، دروستبوونی ئەوەی ناودەنرێت "بڕی گەمژانە"، یان لەناوبردنی سەرمایە. لەم هاوکێشەوە، کاڵای نەفرۆشراو تەنها یەک دەربڕینی کۆشێکی فراوانترە، واتە پاشکەوت و زیادەیی لە سەرمایەدا کە ناتوانێت دەریچەی بەرهەمدار بە بێکارهێنانی خۆی بدۆزێتەوە.

لەم هاوکێشەوە ئەوەی وەک "زیادەبەرهەمهێنان" دەردەکەوێت، کە لەڕاستیدا دەرکەوتنی زیادەیی کۆمەڵگەبوونە. کەمپانیاکان بەردەوامن لەبەرهەمهێنان، نەک لەبەر ئەوەی کەمەڵگە پێویستی بە کاڵای زیاترە، بەڵکو لەبەرئەوەی لە فشارە کەبەکێیەکان و وەبەرهێنانە نوقمبووەکاندا قفڵ کراون. قەیرانەکە کاتێک سەرهەڵدەدات کە سیستەمەکە بە گشتی نەتوانێت لەو قازانجە بەردەوام بێت کە پێویستە بە چەسپاندنی وەبەرهێنانەکانی ڕابردوو. بەم شێوەیە، کۆگاکانی پڕ لە کاڵای نەفرۆشراو هەنگدانەوەی دژایەتییەکی قووڵترن لە نێوان هاندانی فراوانبوونی سەرمایە و سنووردانی بەدیهێنانی قازانج.

بۆچی ئەم جیاکردنەوەیە گرنگە؟

دەبێت ئەو زاراوە بێت کە "زەحمەتکێشان" و "زەحمەتکێشەکان"، دوو ڕووی هەمان قەیران نین، هەریەکەیان بەجۆرێک جیاوازی ناهاوسەنگی دەخەنەڕوو. جیاوازیی نێوان زەحمەتکێشان و زەحمەتکێشەکانی سەرمایە یەکێکە لە کلیلە سەرەکییەکانی شیکردنەوەی قەیران لەچوارچێوەی ئابووریی سیاسی. ئەم جیاکردنەوەیە نەک تەنیا بۆ شیکردنەوەی قەیرانەکان، بەڵکو بۆ شیکردنەوەی ئەو پرسیارەی کە کەسەرمایە لەبواری بەرهەمداریدا دەگوازرێتەوە بۆ بواری نابەرهەمدار، یان لەبواری بەرهەمهێنانی ئاستەقینەوە دەچێت بۆ بواری دارایی، پاشان ئەوەی لەدەکەوێتەوە کەناوەندنرێت قەیرانی داریی.

یان ئەم جیاکارییە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بۆچی قەیرانەکان پێش بۆ دارایێکردن و بووملەرزەی گەمژانە دێت. بەڵام لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە، تێگەیشتن لە دارایێکردن نابێت تەنیا بەوە سنووردار بکرێت کە کەرتی دارایی فراوانتر بووە یان کەمپانیاکان داهاتی دارایی زیاتر بەدەستدەهێنن. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: بۆچی سەرمایە بۆتە کەرتی دارایی هەنگاو دەنێت، ئەم چ پێوەندییەکی هەیە بە دینامیکی کەڵەکەبوونی سەرمایەوە؟ لەدیدگای مارکسدا، سەرمایە بەشێوەیەکی سادە بەڵک پارە یان کەمڵەک لەشتە دارایێکان نییە، سەرمایە پێوەندییەکی کەمڵایەتییە کە لەپرسەی بەرهەمهێنان و کەڵەکەبوونەدا خۆی نیشاندەدات. لەکەمڵەگەی سەرمایەداریدا، ئامانجی سەرمایەدار تەنیا بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو کەڵەکەکردنی سەرمایەو بەدەستهێنانی قازانجی زیاترە. لەبەرئەوە، هەر کاتێک بەرهەمهێنانی قازانج لەکەرتی بەرهەمهێنراندا سنووردار دەبێت، سەرمایە دەست دەکات بە گواستنەوەی قازانج لە بوارەکانی دیکەدا کە بتوانێت قەرەبووی لەدەستدانی قازانج لەبواری بەرهەمهێناندا بکاتەوە.

کاتێک ئەم باس لەدابەزینی ڕێژەی قازانج لەسەرمایەداریدا دەکەین کە مەیلی بۆتە دابەزین هەیە، ئەم دەبێتە بنەمای سەرهەڵدانی قەیرانەکان. لەو خاڵەدا، واتە دابەزینی ڕێژەی قازانج، سەرمایەدار کەرتی دارایی وەک بوارێکی جێگرەوە بۆ سەرمایە دەبینیت. ئەمەش بەواتای گواستنەوەی لەکەرتی بەرهەمهێنانەوە بۆ کەرتی نابەرهەمهێنەر. ئەگەر سەرمایە نەتوانێت لەکەرتی بەرهەمهێنانی ئاستەوخۆدا زەحمەتەکانی پێویست بەدەست بهێنێت، ئەوا هەوڵدەدات بۆتە بازاڕە دارایییەکان، قەرز، پێوەندییە دارایییەکان، پشکەکان و شێوە جۆراوجۆرەکانی گەشەپێدانی سەرمایەی دارایی بەوات. بەم مانایە، دارایێکردن دەتوانێت نەک وەک هەکارێکی دڕێکی، بەڵکو

وەک وەڵامێکی ناوخۆیی بۆ کێشە و سنووردارکانی کۆمەڵگەبوونی سەرمایە لێکبدرێتەوە.
لە بۆچوونی مارکسدا، ئەمە بۆ چەمکی «سەرمایەی خەیاڵی (Fictitious Capital)» ـەوە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە. سەرمایەی خەیاڵی ئەو شتوومەکی سەرمایەیە کە بە شتوومەکی سەند و بەرگەی دارایی ـ وەک سەهم و بەند ـ دەردەکەوێت و خاوەندارێتی یان مافی بەدەستهێنانی داهات لە داهاتوودا نوێنەرایەتی دەکات. لێرەدا جیاوازییەکی گرنگ هەیە لەنێوان بەهای دارایی و بەهای نوێی دروستکراو لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. زیادبوونی نرخی پشکەکان، بۆ نموونە، بۆ خۆی واتای ئەوە نییە کە هەمان بڕ لە بەهای نوێ لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دروست کراوە.
بەم شێوەیە، کاتێک سەرمایە بۆ شتوومەکی زۆر بڕەو کارتی دارایی دەڕوات، دەتوانێت بڕاوکردنەوەی داهاتی دارایی و هەڵکشانی بەهای دارایی دروستبکات، بەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەی بنەڕەتیی کەمبوونەوەی قازانج لە بەرهەمهێنانی ڕاستەوخۆ چارەسەر ناکات. بەڵکو دەتوانێت بە ماوەیەک ئەو کێشەیە بشارێتەوە، یان کێشەکە دوا بخات.
زۆرێک لەو ئابوریناسانە لێرەدا دەکەونە هەڵەیەکی تیۆریکییەوە، چونکە هەموو داهاتێکی دارایی بشتوومەکی ئۆتۆماتیکی وەک سەرچاوەیەکی سەربەخۆی بەها لێک لێکدەدەنەوە، بەڵام لە ڕوانگەی مارکسەوە، پرسیارکە ئەوە نییە کە «پارە چۆن پارەی زیاتر دروست دەکات؟»، بەڵکو ئەوەیە کە ئەو داهاتە دارایییە لەکوێدا چۆن پەیوەندی بە بەهای زیادە و پرۆسەی کۆمەڵگەبوونی سەرمایەوە هەیە؟ ئەمە گرنگە، چونکە سودی بانکی، کرێی زەوی، داهاتی سەهم و شتوومەکانی دیکەی داهاتی دارایی، لە کۆتاییدا پشتیان بە بنەمایەکی کەمایەتیی بەرهەمهێنانی بەها هەیە.
لەبەر ئەمە، داراییکردن نابەت بە مانای "کۆتایی هاتنی سەرمایەداری بەرهەمهێنەر" یان "گۆڕینی قازانجی بەرهەمهێنان بە داهاتی دارایی" وەربگیرێت. بەپێچەوانەوە، لەڕوانگەی مارکسیستییەوە دەتوانرێت داراییکردن وەک شێوەیەکی گۆڕاو و ئاڵۆزی کۆمەڵگەبوونی سەرمایە ببینرێت، شێوەیەک کە تێیدا سەرمایە بە گۆڕان بەدوای قازانجدا لە نێوان کارتی بەرهەمهێنان و کارتی دارایيدا دەجووڵێت.
بەم پێیە، دارایيکردن لە بنەڕەتدا کێشەیەکی سەربەخۆ لە "کارتی دارایی" نییە، بەڵکو بشتوومەکی لە کێشەیەکی گشتیتر و ناوخۆیی سەرمایەداری: چۆن سەرمایە دەتوانێت کۆمەڵگەی ببێت و قازانج بەردەوام بکات، کاتێک هەمان پرۆسەی کۆمەڵگەبوون سنووردارکانی خۆی

دروست دەکات؟ لەم چوارچێوەیدا، گۆشەی کرتی دارایی دەتوانێت وەک یەکێک لە شێوەکانی وەڵامدانەوەی سەرمایەداری بۆ سنووراندنی تێبگەینرێت، بەڵام نەک وەک چارەسەرکی کۆتایی بۆ ئێوان.
کاتێک دەڵێن جیاکردنەوەی ئەم دوو چەمکە بۆ لێکدانەوەکان گرنگە، چونکە یەکێکیان سەرنجمان دەباتە سەر بەرهەمهێنان و خواست و توانای کڕین، ئەوەی تریان سەرنجمان دەباتە سەر سەرمایە و کەمکبوون و بەدەستهێنانی قازانج و دەرهێنانی بەهای زیادە لەکاری زیندووی کرێکاران. ئەم جیاکاریە گرنگە، چونکە ئاگەر بڵێن زێدەبەرهەمهێنان هۆکاری قەیرانەکانە، ناتوانین وەڵامان هەبێت و ئەوە هاوتێبگەینەوە، بۆچی سەرمایە لەبواری بەرهەمداریەوە دەچێتە ناو بواری داراییکردنەوە، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی قەیرانی بنەڕەتی بگوازێتەوە بۆ بواری دارایی‌کان، پاشان قەیرانەکە قوڵتربکاتەوە و قەیران و قەرزی و دارایی لێبکەوێتەوە، وەک نمونەی ئێستای قەیرانی سەرمایەداری جیهانی ئەم سەردەمە.
بەکورتی، "زێدەبەرهەمهێنان" باس لەچەنیەتی دەرکەوتنی قەیرانەکان دەکات، لەکاتێکدا "زێدەڕەوی کەمکبوون" هاوتێکردنەوەیەکی پێکهاتەییتر پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی بۆچی هاوتێدەن. یەکەمیان گرنگی بۆ بازاڕ و خواست دەدات، دووەمیان لەڕەڤەی و دینامیکی سەرمایە دەڕوانێتە کێشەکە.

ئابوریناسە چەپەکان و" دەسیەی "زیادە بەرهەمهێنان"

بەشێک لەئابوریناسە چەپەکان یان "مارکسیستەکان" دەسیەی "زیادە بەرهەمهێنان" وەک هۆکاری قەیرانەکانی ژێر سەرمایەداری دەخەنەوو، ڕەچەی یاسای مارکس (دابەزینی ڕەژەی قازانج مەیلی- بڕۆ دابەزین) وەک پێوەندیدار دەتدەکەنەوە. لەکاتێکدا هەم مارکس و هەم زۆربەی ئابوریناسانی نزیک لەمارکس، ئەم یاسایە بە هۆکاری بنەڕەتی قەیرانی سەرمایەداری دەزانن. بۆگەی زۆربەی ئەوان ئەوەیە کاتێک مارکس باسی هاوتێکردنەوەی هەر قەیرانێک لە سەدەی نۆزدەهەمدا کردوە، هیچ کاتێک باسی ئەم یاسایەی نەکردوە و هەمیشە ئاماژەیان بۆ 'زیادە بەرهەمهێنان' کردوە. یان هیچ بۆگەیەکیش نییە کە دابەزینی ڕەژەی قازانج پێش قەیرانی هۆکارکانی قەیرانە خولگەییەکان بێت لەسەرمایەداریدا. ئەمەش بەمانای ئەوەی کە قەیرانەکانی ژێر سیستەمی سەرمایەداری بەهۆی "زیادە بەرهەمهێنان"ەوە دروست دەبن و پێوەندی بە جۆڕەی قازانج و قازانج لە کەمکبوونی سەرمایەدا نییە.
باشە ئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە، چونکە تا ئەو کاتە مارکس

یاسای قازانجی پەرە پێنەدابوو. یان ئۆگەر ئەو بڕوایانەیان هەبێت، دەبێت ئەمە واز لە بەرگی سێیەمی کتێبی (سەرمایە) ی مارکس بهێنن و بیخوێننەوە، چونکە ئەو یاسایە و شیکردنەوەی پانتاییەکی گەورەی لە فیکری مارکس، گرتووە لەکتێبەکەدا.

کاتێک ڕاز لەکسمبورگ، شیکردنەوەی بە قەیرانی ئابووری سەرمایەداری کرد، ئەو پێیوابوو کە قەیرانەکانی سیستەمی سەرمایەداری، لە بنەڕەتدا بەهۆی دیاردەی "زێدەبەرهەمهێنان" وەیە، چونکە نابوونی هەزی کڕینی پێویست لە ناوخۆی بازاڕی سەرمایەداریدا، سیستەمەکە بەرەو قەیران و داڕمان دەبات. لەبەرچونی ئەودا، کرێکاران تەنها بەشێکی کەم لەو بەهایە وەک کرێ وەردەگرنەوە کەخۆیان بەرهەمی دەهێنن، بۆیە هەزی کڕینیان سنوردار دەبێت، ناتوانن ئەو کاڵا بەرهەمهێنراوانە بکڕنەوە. هەروەها سەرمایەداران بەشێک لەقازانجەکانیان بۆ کڕینی کاڵای لەکس و خۆشگوزەرانیەکان بەکاردەهێنن نەک بۆ کڕینی کاڵای بەکاربەر، بەڵام بەشێ گەورەکەی پاشکەوت دەکەنەوە سەرلەنوێ وەبەرهەمهێنانی پێدەکەنەوە بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دیاردەی "زێدەبەرهەمهێنان"، واتە بڕی کاڵای بەرهەمهێنراو، زۆر زیاتر دەبێت کەلەتوانای کڕینی کۆمەڵگەدا نییە.

بەپێی ڕاز، ئیمپریالزم و داگیرکاری وەاتە سەرمایەدارە گەورەکان، دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی قەیرانی "زێدەبەرهەمهێنان" ە، چونکە کاتێک بازاڕی ناوخۆیی تەر دەبێت، توانای کڕین کەمدەبێتەوە، ئەم دووتانە پێنا دەبەنە بەر داگیرکردنی ولاتانی تر لە ئەفریقا و ئاسیا و شوێنەکانی تر بۆ دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆ فرۆشتنی کاڵا زیادەکان و دۆزینەوەی دەرفەتی نوێ بۆ وەبەرهێنانی سەرمایە کەمکەبووەکانیان. کاتێکیش تەواوی جیهان دەبێتە سەرمایەداری و هیچ بازاڕێکی دەرەکی نامێنێت بۆ ڕواندنەوەی کاڵا زیادە بەرهەمهێنراوەکان، قەیرانەکان توندوتیژ و زیاتر قووڵدەبێتەوە، پاشان شۆڕەی هەژە ئیمپریالیستیەکان بۆ دابەشکردنی بازارەکان شۆڕو داڕمانی ئابووری لێدەکەوێتەوە، ئەمەش ڕێگا خۆش دەکات بۆ شۆڕشی سۆشیالستی.

مارکس – پرسی کەمکەبوون، قەیران

مارکس پێش ئەوەی بچێتە ناو باسی قەیرانەوە، بنەما تیۆرییەکەی خۆی سەبارەت بەپرسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پرسەی کەمکەبوونی سەرمایە ڕوونکردەوە. بەبڕوونی ئەو دەرکەوتنی ئاشکرای قەیران

لەپرسەی سوانەوەی سەرمایەدا نابەت "هەکاری" قیرانەکە بشارەتەوە، کە لەشەوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا هەیە. "گەانکاری کاکاکان" لەبازاڕدا قناغی جیاوازی یەک پرسەیە. نیشاندەری سەرەکی پرسەی کەکبوونی سەرمایە (کا-پارە-کا) نییە، بەکو (پارە-کا-پارە) یە. بەیە مارکس دەپرسەت: ئایا دەکرەت بەشەک لەبەهای زیادە ەاستەوخۆ بچەتە ناو سەرمایەی نگەەوە بەبێ ئەوەی بفرەشرەت و کەکبوونی سەرمایەو بەرهەم هێنانەوەی بەرفراوانی لێبکەوەتەوە؟
مارکسیش وەامەکەی ئەرنییە، بە تێگەیشتن لەم پرسە، بەیە دەەت: سەرەتا پەویستە بەکارهێنانی تاکی مرۆڤکان بەتەواوی لابببرەت بە ئەوەی بتوانین تەنها سەرنجمان لەسەر بەکارهێنانی بەرهەمداربەت. وەک "ئاشکرایە"، زەربەی کاکاکان لەخودی پرسەی بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنرێن. بەم پێیەش سەرمایە ەەی هەم فرەشیار و هەم کڕیار دەگەەت.
لەکەکبوونی سەرمایەداریدا پرسیارەک هەیە بە گەینی بەهای سەرمایەی سەرەتایی لەگەە ەەژەی ئاسایی قازانجدا. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کەکبوونی سەرمایە زۆر پەیوەندی بەەەژەی قازانجەوە هەیە. لەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا ئەوەی گرنگە بەهای بەکارهێنانی دەستبەجێ نییە، بەکو بەهای ئاوگەە و بەتایبەتی فراوانبوونی بەهای زیادەیە. ئەمە پانەری بزوێنەری بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە. بەیە ئەوە بەلگەنەویستە کە قازانج هێزی پانەری سەرمایەداریە، نەک بەرهەمهێنان (یان بەم شێوەیە زیادە بەرهەمهێنان). هەربەیە کاتێک باس لە تەسفیەکردنی سەرمایە دەکرەت لەکاتی قیرانەکاندا، مەبەست لەناوبردنی سەرمایەیە لەەەگەی قیرانەکانەوە، بەواتای دابەزینی بەهاکانی بەهاکانە کە ەەگریبان لەدەکات لەپرسەی نوێکردنەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەدا. ئەوە دابەزینی بەهایە، نەک داەمانی خواست کە کلیلی قیرانەکان و بوژانەوەی دواترە.

بەەام مارکس لەشوێنێکدا دەەت: "قیرانی هەمیشەیی بوونیان نییە"
لەرەدا گرنگە ئەمە ەوونبکەینەوە، لەلای مارکس، کەکبوونی سەرمایە پرسەیەکی ناوخۆیی و بنەەتیی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە. سەرمایەدار لەپرسەی بەرهەمهێناندا لەکاری زیندووەوە زیادەبەها بەدەست دەهێنێت و پاشان بەشێک لەو زیادەبەهایە دووبارە وەک سەرمایە بەکار دەهێنێتەوە بە فراوانکردنی بەرهەمهێنان و زیادکردنی سەرمایە. بەم شێوەیە، کەکبوونی سەرمایە تەنها کۆکردنەوەی سامان نییە، بەکو

پرسیەکی بەردەوامە کە سەرمایەی خۆی تێدا دووبارە بەرهەمدەهێنێتەوە و لەهەمان کاتدا پێکهاتەی پەیوەندییەکانی نێوان سەرمایە و کار دەگۆڕێت.
فراوانبوونی کۆمەڵگەکردن دەتوانێت بەرهەمهێنان بشێوێکی زۆر گەورە بکات، بەڵام ئەم فراوانبوونە هەمیشە بەپێی تێپەڕبوونی کات ووبەرووی داکشانی قازانجێکی دەبێتەوە، ئەمش دەبێتە ناکۆکی. لەو خاڵەدا ناکۆکیی نێوان پێویستی سەرمایە بە فراوانکردنی بەرهەمهێنان و ئامانجی، دەتوانێت سەرمایە بەرەو قەیران ببات. بەڵێ قەیران لە تیۆریی مارکسدا ووداوێکی دڕاوکی و نائارەزوتی نییە، بەڵکو ئەنجامێکی ناوخۆییە کە لە جوڵەی کۆمەڵگەکردنی سەرمایەوە سەر هەڵدەدات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بەو مانایە نییە کە قەیران بە شێوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام دەبێت، چونکە قەیران دەتوانێت لەڕێگەی لەناوچوونی بشێک لە سەرمایە، کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و گۆڕینی مەرجەکانی کۆمەڵگەکردن، ڕێگا بە دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی نوێی کۆمەڵگەکردن بکاتەوە.

لەبەر ئەمە، لە بیرکردنەوەی مارکسدا دەبێت جیاوازی لەنێوان "قەیرانی هەمیشەیی" و "ناکۆکییە هەمیشەبووەکانی کۆمەڵگەکردنی سەرمایە" بکرێت: قەیرانەکان دەتوانن کاتی و دووبارەبوونەوە بن، بەڵام سەرچاوەی ئەو ناکۆکییەی کە قەیران دروست دەکات، لە خودی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدایەوە سەرچاوە دەگرێت.
کاتێک مارکس تێبینییەک باس دەکات و دەڵێت کە "قەیرانی هەمیشەیی بوونیان نییە". کەواتە مارکس ئاستەوخۆ ئاماژە بە "کاتی" زۆری سەرمایە دەکات وەک پەیوەندیدار بە قەیرانەکانەوە – زیادەڕۆیی لەڕەدا بەواتای ڕێژەیی بە قازانج یان قازانج دێت، نەک خواست. لەوەش ووونتر دەڵێت: "گواستنەوە لە دەستەواژەی زیادە بەرهەمهێنانی کاپاکانەوە بە دەستەواژەی زیادەڕۆیی سەرمایە.

یاسای قازانجی مارکس و قەیران

لە ئابوریی مارکسدا، جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان "ڕێژەی زەدەبەها" و "ڕێژەی قازانج" هەیە، هەرچەندە هەردووکیان دەربڕینی هەمان سەرچاوەی بەهای زیادە، واتە زەدەبەهان. ڕێژەی زەدەبەها پەیوەندیی نێوان زەدەبەها و سەرمایەی گۆڕاو دەردەخات، لەکاتێکدا ڕێژەی قازانج پەیوەندی نێوان هەمان زەدەبەها و کۆی سەرمایەی پێشخراو، واتە کۆی سەرمایەی جێگیر و گۆڕاو، پیشان دەدات. بەم پێیە، هەردوو ڕێژەکە هەمان بڕی زەدەبەها بە دوو پێوەری جیاواز دەخەنەڕوو، و جیاوازیی نێوانیان لە جیاوازیی بنەمای

پەوانەکردنەوە سەرچاوە دەگرێت.
لەڕوانگەی شیکاریی مارکسەوە، بە تێگەیشتن لە گۆڕینی زەبەرەکانەوە بۆ قازانج، دەبێت لە ڕێژەی زەبەرەکانەوە بۆ ڕێژەی قازانج بڕوین، نەک بەپێچەوانەوە. ئامانجی گرنگ، چونکە زەبەرەکانە لەپەسەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە سەرچاوە دەگرێت و لە پەیوەندیی نێوان کار و سەرمایەدا دروست دەبێت، بەڵام قازانج شێوەیەکی دڕندەکی و دیاربووی هەمان بڕەهای زیادەیە کە لەسەرمایەدارییەکەدا وەک بەرهەمی هەموو سەرمایەکە دەردەکەوێت. لەو چوارچێوەیەدا، تەکنەای قازانج دەتوانێت وەک خاڵێکی دەستپێکی مێژوویی لەپەیوەندییە ئابوورییە سەرمایەدارییەکاندا تێبگەین. بەڵام لەڕووی شیکارییەوە، زەبەرەکانەکان و ڕێژەی زەبەرەکانەکان شێوەیەکی ئاستوخۆتر لەسەر ڕووی دیاردەکانی بازاڕدا دەرناکەون، بەکوو ناوەڕۆکێکی شاراوە و پەیوەندیدار بەپەسەندی بەرهەمهێنانی بڕەهای زیادەن و دەبەستێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی زانستیی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە دەستنیشان بکرێن. لەبەرامبەردا، قازانج و ڕێژەی قازانج لەئاستی دیاردەیی و ڕووکاریی سیستەمی سەرمایەداریدا شێوەیەکی ئاستوخۆتر دەردەکەون. بەم مانایە، قازانج شێوەیەکی گۆڕاو و دەرکیی زەبەرەکانەکان، لەکاتێکدا زەبەرەکانەکان ناوەڕۆکی ئەو پەیوەندییەیە کە لە پشت ئەو شێوە دەرکییەوە هەیە.
لەهەمان چوارچێوەدا، ڕێژەی قازانج لەگەڵ کاتی سوڕانەوەی سەرمایەدا پەیوەندییەکی پێچەوانەی هەیە. واتە، بەمەرجێک کە گۆڕاوەکانی تری کاریگەری لەسەر ڕێژەی قازانج- وەک پێکهاتەی سەرمایە، ڕێژەی زەبەرەکانەکان و کاتی کار- لە نێوان سەرمایەداران یەکسان بن، درێژبوونەوەی کاتی سوڕانەوەی سەرمایە دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی قازانج. لەبەر ئەوەی سەرمایەی بەکارهاتوو بە ماوەیەکی درێژتر لە پڕۆسەی سوڕانەوەدا گیراوە و توانای گۆڕانەوەی خێرا و دووبارە بەکارهێنانەوەی کەمتر دەبێت. بەڵام ئەگەر ئەم گۆڕاوە بنەماتییانە لەنێوان سەرمایەداراندا جیاواز بن، وەک جیاوازی لە کاتی کار، ڕێژەی زەبەرەکانەکان یان ئاستی کرێی کار، ئەوا ڕێژەی قازانجیان دەتوانێت جیاواز بێت، تەنانەت ئەگەر لەهەمان دەخی گشتیی ئابووریدا کار بکەن. بەم پێیە، هەموو جیاوازییەکانی ڕێژەی قازانج ناتوانرێت بەکاتی سوڕانەوەی سەرمایەوە ڕوونبکرێنەوە، چونکە هەکارەکانی تر دەتوانن بە سەربەخۆیی کاریگەرییان لەسەر ئەم ڕێژەیە هەبێت.
لەئەنجامدا، بە شیکردنەوەی جیاوازیی ڕێژەکانی قازانج، پێویستە لەنێوان ئەو هەکارانەی کە بە شێوەی ئاستوخۆ پەیوەندییان بەسوڕانەوەی سەرمایەوە هەیە و ئەو هەکارانەی کە لە پێکهاتەی

سەرمایە، هێزی زەبەرەکان، کاتی کار و کرێی کارەکە سەرچاوە دەگرن، جیاوازی بکرێت. ئەم جیاکردنەوەیە هێشتا دەرفەتی پەیوەندیی نێوان زەبەرەکان و قازانجمان بۆ ڕوون بکاتەوە، هەروەها گواستنەوەی هێزی زەبەرەکان بۆ هێزی قازانج، بەشێوەیەکی تیۆری و شیکاریی وردتر تاوتوێ بکەین.

مارکس سەرچاوەی هەکاری قیرانەکان بۆ مەسەلەی دەرهێنانی زەبەرەکان و کەمبوونەوەی ئاستی ڕێژەی قازانج دەباتەوە، لەم نووسینەدا مارکس "یاسای هێزی قازانج مەیلی- بەرەو دابەزین" پەرەپێدا. ئەم یاسایە ئاماژەیە بۆ ئەو کە لەپەرەپێدانی سیستەمی سەرمایەداری، سەرمایەداران بەردەوام هەوڵدەدەن بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکان، تەکنەلۆجیا و شێوازە نوێکانی بەرهەمهێنان، بەرهەم زیاتربکەن. بەهۆی ئەمەوە هێزی سەرمایەی بەکارهاتوو لەو بڕانەدا زیاد دەبێت، لەکاتێکدا هێزی کاری مرۆیی لە بەرهەمهێنانەدا بەراورد بە سەرمایە کەمتر دەبێت. بەڵام کار سەرچاوەی بەهای زیادە و قازانج، ئەم گرێانکارییە دەتوانێت لە درێژماوەدا مەیلێک بۆ دابەزینی هێزی قازانج دروست بکات.

مارکس لەیاسای قازانجدا ئەوە هەوڵدەکاتەوە، کە ئاگەڕ سەرمایەی نەگۆڕ زیاتر لەبڕانبەر سەرمایەی گۆڕاودا بەرزبێتەوە، ئەوا هێزی قازانج دادەبەزێت. "ڕێژەی قازانج دادەبەزێت، چونکە بەهای سەرمایەی نەگۆڕ لەبڕامبەر سەرمایەی گۆڕاو بەرزبووەتەوە و سەرمایەی گۆڕاو کەمتر بەکاردەهێنرێت"... لەڕوانگەی قیران "قیرانی کار و قیرانی سەرمایە"یە. لەگەڵ هێزی قازانج "کەمبوونەوەی... ئەوە حاڵەتێکی زیادە بەرهەمهێنانی سەرمایەی نەگۆڕە."... "قیرانەکان بەهۆی زیادە بەرهەمهێنانی سەرمایەی نەگۆڕەوەیە".

بەڵام مارکس ئەمەی بەمانای دابەزینی بەردەوام و بە وەستانی قازانج ناگرێت، بەڵکو "مەیل"ێکە کە دەتوانێت بەهۆی هەندێک هەکاری دژەوە کەم بکرێتەوە یان دوا بخرێت. بە نموونە، زیادکردنی چەوساندنەوەی کرێکاران، کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان و فراوانکردنی بازاڕ دەتوانن بە ماوەیەک هێزی قازانج بەرزتر بکەن، بەڵام لەدرێژخایەندا بەرەو قیرانێک هەنگاو دەنێت. بەپێی لێکدانەوەی تیۆری مارکسدا ئەم یاسایە بەشێکە لە شیکردنەوەی ناوخۆیی و ناکۆکییەکانی سیستەمی سەرمایەداری.

پێڕ ماتیک بیرمەندی مارکسیستی سەدەی رابردوو، دەڵێت:

"یاسای مارکس دوو لەواری هەیە، تەنانەت ئاگەڕ هێزی قازانجیش دابەزێت، ئاگەڕی ئەوە هەیە کەبارستەی قازانجکان بەرزبێتەوە، ئەمەش دەتوانێت پارێزگاری لەبەرزبوونەوەی بەرهەمهێنان بکات.

سەرەای ئەمەش، دابەزینی تێکرای چاڕەی قازانج بەشێوەی بەردەوام، لەگەڵ تایبەتمەندبوونەوە و خاوبوونەوەی بەرزبوونەوەی باراستەی قازانج، کاتێکیش تێکرای چاڕەی قازانج دادەبەزێت بە خاڵێک کەتەدا بارستەی قازانج دادەبەزێت، لەم خاڵەوە وەچەرخانەدا بوار بە قەیرانەکان دەکاتەوە. سەرەتا قازانج دادەبەزێت، پاشان وەبەرهێنان دادەبەزێت".

"زەدەبەرهەمهێنان" یان "کەمکەمبوون" لەقەیرانەکاندا

ماركس "زەدەبەرهەمهێنان" وەک یەکێک لە هۆگ وەیشەکانی قەیرانی سەرمایەداری لەکەدا تەوە. لە دیدی ئەوەوە، نابەت زیادەبەرهەمهێنان بەسادەیی وەک ئەوە تێبگەین کە لەکایە تاکەکانی بەرهەمهێنەدا کاڵا زیاتر لە پێویستی بەرهەمهێنراوە, چونکە ئەمە دەتوانێت تەنها بەشێک لەکەشکە بێت و ببێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی بەشکی بەهۆی ناچاڕەیی لە نەوان بەشەکانی بەرهەمهێنان.
ماركس ئاگاری سەرهەڵدانی قەیران لەئەنجامی بەرهەمهێنانی ناچاڕەیی لە نەوان کایە جیاوازەکانی بەرهەمهێنەدا بە تەواوی ڕەتناکاتەوە. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە "بەئەوەی بڕەین، ئینکاری ئەوە ناکرێت کە هەنگە زار لە کایە تاکەکەسییەکان بەرهەمبهێنرێت و بەم شێوەیە قەیرانی بەشەکی لەبەر بەرهەمهێنانی ناچاڕەیی سەرهەڵبدات". ب

کتێبەکەی نوێی کاوە کەریم (بەرهەمداریی کاری دیجیتاڵی لەڕوانگەی ماركسیستیەوە)

نوێترین بەرهەمم، ناميلكەی " بەرهەمداریی کاری دیجیتاڵی لەڕوانگەی ماركسیستیەوە" لە لایەن" دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لەکۆینەوە" لە کوردستان
لەچاپ دەرهات. ئەم ناميلكەیە پشتر بەزمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیسپانی، فەرەنسی، عەرەبی لەسایتە جیهانییە گەورەکاندا بڵاوکراوەتەوە. ناميلكەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی ئایا شێوەی کار، لەبوارەکانی ئۆنلاین، دیجتاڵیدا دەتوانێت بە بەرهەمدار ئەژمار

بکرێت لە ڕوانگەی یاساکانی بەهای مارکسەوە؟ بەواتایەکی تر ئایا کار لەم بوارەدا دەتوانی زەدەبەها بەرهەمبهێنێت؟ ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم توژینەوەیە لەلایەن یەکێک لەئەکادیمیاکانی مارکسیستی جیهانیەوە بەداچوونی لەسەر کراوە و پشتڕاست کراوەتەوە. دەتوانن نامیلکەکە لەڕێگای " دەزگای ئایدیا" وە لە سلەمانی ، بەژمارە تەلەفونی 0770956990 بەدەستبهێنن.
لەگەڵ ڕێزو پێزانینی زۆر بۆ " دەزگای ئایدیا" کە ئەم کارەیان بۆ بەئێنجام گەیاندم. هەروەها سوپاسی هاوڕێم "محمود حلاق" دەکەم کەهاوکاری زۆری کردم لەم کارەدا.
کاوە کەریم

یاسای مارکس بۆ قازانج.. شیکردنەوەی کاوە کەریم

بۆ گوێگرتن لەم بابەتە کلیکی ئێرەبکەن..

پارە لە سیستەمی سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا.. بەشی یەکەم.. شیکردنەوەی کاوە کەریم

بۆ گوێگرتن لە بەشی یەکەمی ئەم باسە کلیکی ئێرەبکەن..

کتێبی (قەیرانی ئابووری سەرمایەداری) لەم نزیکانەدا لە کوردستان چاپ دەکرێت.. کاوە کەریم

خوێنەرانی هێژا
کتێبی (قەیرانی ئابووری سەرمایەداری) لەم نزیکانەدا لە کوردستان چاپ دەکرێت، هەروەها لە داهاتووی نزیکدا لە ئەوروپا. کتێبەکە لە بەرگێکی 284 لاپەڕەیی بابەتکانی تێدا بەاوکراوەتەوە. کتێبەکە چەند بابەتێکی گرنگ لەخۆ دەگرێت. لەوانە:

- قەیرانی سەردەمی ئێستای سەرمایەداری
- هۆکاری قەیرانەکە
- هەڵاوسان، و تیوریەکانی مۆنتیریزم و چەندایەتی
- تیوری مارکس بۆ قەیرانی سەرمایەداری
- یاسای مەیلی دابەزینی تێکرای قازانج
- تیوری کەم بەکاردن و قەیران
- جۆرەی خولگەی قەیرانی سەرمایەداری
- ئابووری کلاسیک و قەیران
- یاسای (سای)
- لەنەوان (سای) و مارکسدا
- ئابووری نیوکلاسیک و قەیران
- تیوریەکانی ئابووری نیوکلاسیک و قەیران
- ئابووری مارشاڵ
- هەڵبازی کینزی
- لەنەوان هەڵبازی کینزی و مارکسدا
- هەڵبازی نیئولیبرالیزم و قەیران، بەچونەکانی هایک و بنەما فکریەکانی
- سەرمایەداری دەوڵەتی و قەیران
- پارە و دراوگەرایی، قەیرانی سەرمایەداری.
- تیوری دراوی مارکس
- قەیرانی دارایی ، قەیرانی قەرز
- مارکس، سەبارەت بەکاری کرێگرتە وسەرمایە.

هەروەها هەندێک بابەت و تیۆری تریش کە پەیوەندی بە باسکانی کتێبەکەوە هەیە.
بەهیوام کتێبەکە بابەتێکی بەسوود بێت بۆ خوێنەران.

کاوە کەریم

کتێب: سەبارەت بە (دیالێکتیکی سروشت).. نووسین و ئامادەکردنی: کاوە کەریم

ناوی کتێب: سەبارەت بە (دیالێکتیکی سروشت)
بابەت: زانستی و فەلسەفی
نووسین و ئامادەکردنی: کاوە کەریم
پێداچوونەوەی: سەردار عبدللە، ئاراس ڕەشید
دیزاین: ئارام عەلی
بەرگ: سەردار عبدللە
سەرپەرشتیاری چاپ: کامەران لەتیف
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٢١
مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ نووسەر.

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

Kteb_KawaKaremDownload

کتێب/ مارکس وتەوری نامۆیی..

کاوە کەریم

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکە...

KawaKaremDownload

پڕۆژەیەک لە بارەی یاسای سەلامەتی شوێنی کارەوە.. کاوە کەریم

دەستپێک:
هەژانە بەهەزارەها کرێکار لە جیهاندا دەبنە قوربانی خراپی شوێنی کارو هێز نییە هەوالی دەتەزێنی هەوداوی گیان لەدەستدانی کرێکاران لە شوێنی کاریاندا نەبیستین. تەنانەت هێز نەبووە کرێکاران تووشی هەوداوی دەتەزێن نەبن و ئەندامێکی جەستەیان لەدەسنەدا..

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن ...

KawaKarem_ProzhaDownload

بەرنگاربوونەوەی کرونا یان فریاکەوتنی سەرمایەداران ! … کاوە کەریم

لەسەرووبەندی کارساتی نەخۆشی کورونادا کە بەرکی بە تەواوی مرۆڤایەتی گرتووە لەسەر گەی زەویدا، کە لەلایەکەوە بەتە هەی تووشبوونی سەدەها هەزار کەس بە نەخۆشیەکە و گیانلەدەستدانی

هەزارەهای تر، وە لە لایەکی تریەوە بۆتە هۆی برسێتی و هەژاری و بێکاری زیاتری ملۆنەها لە خەڵک و چینی کرێکار لە تەواوی جیهاندا.
ئەم کارەساتە پێویست بوو لە جیهاندا بۆیەک دەست و لە زووترین کاتدا بڕیاربووی ببنەوە، بۆئەوەی بەکەمترین زیان خەڵکی جیهان خۆی لە رزگار بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام ئەوەی دڵتەزێنیت لە واقعیدا شتێکی تر و زۆر جیاوازە بڕیاربووە جایگایەکی تر دەوات.
من لێرەدا ناماوێت قسە لەسەر نەخشەیەکەو چۆنیەتی بەاوبوونەوەی بکەم، بەڵام دەموێت ئاماژە بە مەسەلەیەکی گرنگ بکەم کە ووڵاتانی سەرمایەداری جیهان بەچ ئاراستەیەک و سیاسەتێک خەیان ئامادەکردوە بۆ بڕیارنگاربوونەوەی لە نەخشەیەکە و ئەنجامەکانی، هەوڵدانیان و ئامانجیان لەسەر چی فۆکوسی کردوە.
ئەگەر تەماشا یان گۆبیستی تەواوی پلانەکانی ووڵاتە سەرمایەدارەکانی گۆڕەی جیهان بین لەم قۆناغەدا، دەبینین ئاراستەی سیاسەتەکانیان پێچەوانەی ئارەزوو وئیرادەی زوربەی خەڵکی جیهانە. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە بڕیارنامەو سیاسەتی ئەو ووڵاتانەدا ئەولیەت بڕیارنگاربوونەوەی نەخشەیەکە و چارەسەری نییە، بەڵکو یەکدەستی سەرمایەداری جیهانییە بۆ خۆئامادەکاری بۆ بڕیارنجام و هەلومەرجی داهاتووی دوایی کارەساتەکە و زگاربوونیان لەهەلوومەرجە ئێستا.
دەتوانین بڵێن سەرمایەداران و حوکمەتەکانیان کاردانەوەی پراکتیکی و داشتنی سیاسەتی ئەوان بۆ ئاراستەی فریاکەوتنی خەڵکی جیهان نیە لە کارەساتەکە، بەڵکو زگارکردن و پشتیوانی کەمپانیاکانی سەرمایەدارەکان بووە بۆ پاراستانی قازانج و بڕژەوەندیەکانیان.
لە تەواوی ووڵاتانی سەرمایەداریدا، پاش بلاوبوونەوەی نەخشەیەکە، هەموویان ملیارەها دولاریان خستۆبڕدەست کەمپانیا گۆرەکان، هەموو باج و تاکسەکیان لەسەر لابردن بۆ ئەوەی کەشۆ نەیەتە بڕدەم بڕدەوامی کارو کوکردنەوەی سوودی زیاتریان. بۆی ئەو پارانەی تەرخان کراوە بۆ بڕەنگاربوونەوەی نەخشیەکە لەسەدا یەکی بۆی ئەو پارەیە نییە بۆ کەمپانیاکان و خاوەن کارگەکان و سەرمایەداران تەرخانکراوە.
کەمپانیاکانی سەرمایەداران لە جیهاندا بەپێ سەرچاوە ئابووریەکان لە ماوەی دە ساڵی پێشوودا بۆی سوودیان و دەستکەوتیان هەزارەها جار بڕابەر بووە، وە کەپیتاڵیان سەرمایەی زوربەی زۆری کەمپانیاکان و سەرمایەدارانی جیهان بۆ هەزارەها جار زیاتر بووە، بەڵام لەوپەڕی لوتکەی بەدستهێنانی قازانج و کەڵکەڵەی سەرمایەیان دەبوایە نوێنەرانی نیقابکرێکاریەکان بشکێ و بڕیار یان بۆ

هەڕەشەی ماگرتن بتوانن بەکەی کەمی کرێ و مووچەی ساڵانەی کرێکاران زیاد بکەن. لە ئێستاشدا هاواریان لەبەرزبوونەوە و هەڕەشەی دەرکردنی بەکۆمەڵی کرێکاران دەکەن، ئەگەر حوکمەتەکان پشتیوانی مادیان نەکەن و خەرجی کارەندو کرێکارەکان نەگرنە ئەستۆ، ئەوا بە ملیۆن لەخێڵەک بێکار دەکەن و ڕەوانەی ماڵەوەیان دەکەن.
بەکوردیەکەی خەمان قازانج بێ خەمان و زەرەر بێ ئەوە.
ئایا نادەکرا حوکمەتەکان فشار بخەنە سەر کەمپانیاکان کە لە قازانجی ملیارەها دولاری ساڵانە پێشوو کە کەڵکەیان کردبوو، تەحوملی چەند مانگی مووچەی کرێکاروکارەندانیان بکردایە لەم قەیرانەدا، یان چاوچنۆکی و نامرۆڤایەتی سەرمایەداری بەادیەکە کە قازانج و سوود لەسەروو ئینسانەوەیە.
حوکمەتەکان کە حوکمەتی پاراستنی بەرژەوەندی ئەوانن ئەم کارە ناکەن و قورسی باری قەیرانی ئەوان دەخەنە سەر شانی خەڵک بە گشتی و کرێکاران بەتایبەتی، نەخێرکێیان بیرچێتەوە و بەدەم داواکاریکانی سەرمایەدارانەوە دەڕەن و بەپێچەوانەوە داوای هاوپشتی لە کرێکاران و خەڵک دەکەن کە تحمول بکەن و باری قورسیە بخەنە سەرشانیان.

ئەگەر بەوانینە سیاسەتی دەوڵەتان لە قەیرانەکەدا، دەبینین کەمێلگا بە گشتی و چینی کرێکار زەرەرمەندی گەورە دەبێت لەم قەیرانەدا، لەلایەکەوە سەرمایەداران کرێکار بێکار دەکەن یان مووچەیان نادەنێ ، لەلایەکی ترەوە پارەی بودجەی گشتی حوکمەت کە لە تاکس و باجی چینی کرێکارو خەڵک کەدەکرێتەوە، دەبێت جارێکی تر بدرێتەوە بە سەرمایەداران و کەمپانیاکان بە بڕدەوامیان لەسەر کەڵکەی سەرمایەی خەیان.
بە نمونە تەنها لە ئەمریکادا لە پاکێتی یەکەمدا چوار ترلیون دولار خرایە خزمەت کەمپانیا گەورەکانەوە بە قەرەبووی زەرەریان بەهەی قەیرانەکەوە. کە ئەمە خۆی لەخۆیدا لە پارەی گشتی خەڵکە بە دامودەستگا خزمەتگوزاریەکان و مووچەی کارماندانی کەرتی گشتی.
ئەمە لەهەمان کاتدایە کە دەوڵەتەکەیان دەناڕەنن بەدەست نەبوونی ئامێری هەناسەدان و پەداویستەکانی تر بە هەزارەها لەوانەی کە تووشی نەخۆشیەکە بوون، یان ملوڕنەها لە خەڵک ئەوانەی پێویستان بە پەداویستیەکانی ترە بە خەپاراستن لە نەخۆشیەکە.
ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو بەدەنگیەی نقابەو یەکێتە کرێکاریەکان و نوێنەرانی چینی کرێکار بە گشتی لەبەرانبەر ئەم هەرشە پێچەوانەی سەرمایەداران و حوکمەتەکانیان بە سەر چینی کرێکاران. ناکرێ بڵێن بۆچی دەبێ ئەوان باجی قەیرانەکە بدەن؟ ژیانی ملوڕنەها لە

کرێکاران لە بارێکی زۆر باشدا نەبوو لەپێش کارەساتی کۆرونادا، ئێستاش دەبێت سەد بەرامبەر زیاتر ژیانیان خراپترو برسی تر بکرێن.
کورونا دەبێت وانەیەک بێت بۆ چینی کرێکار، بۆی سەرمایەداران و حوکمەتەکەیان لەخەمی ژیان و مانەوەی ئێوە ندا نین، حوکمەتەکان نوێنەری ئێوان نین، بەڵکو نوێنەری دەسەاتی سەرمایەدارانن بۆ پاراستن لە قازانج و بەرژەوەندی ئێوان. دەبێت چینی کرێکار بیر لەداهاتووی خۆی بکاتەوە ، دەبێت لە بەرانبەر هەرشی وەحشیگەری و بەمبالاتی سەرمایەداری بوەستێتەوە، خۆی لێک بخاتەیزی خۆی جیابکاتەوە.
پرسی تەندروستی گشتی و پێداویستیەکانی دەبێت پرسی داهاتووی کۆمەڵگا بۆ گشتی و چینی کرێکار بێت، پرسی داهاتووی ژیان و مسوگەرکردنی ژیانی نەوەکان ئێستا و داهاتوو، دەبێت پرسی چینی کرێکار بێت. نەک هەر تەنها ئێم پرسانە، پرسی تەواوی ژیانی دوای کورونا دەبێت پرسی چینی کرێکار بێت. بەڵام بۆ لە ئێستەگرتنی ئێم پرسانە، داواکاریەکی پووستە، داواکاری دەسەات، یان بەرنگاربوونەوەی دەسەاتی سەرمایەداران. نابێت بیر لەپکەوە ژیان بکەنەوە لەگەڵ دەسەاتی نامرۆقانەیان، دەبێت بیر لەژیانی جودای خۆیان بکەنەوە. ئێم کارەساتەی کرونایە دەریخست کە هیچ بەرژەوندی هاوبەش لە نێوان ئێوان و سەرمایەداریدا نیە، سەرمایەداری زۆری هەیە لەدەستی بدات، بەڵام ئێوان هیچیان نییە جگە لەزنجیرەکانیان نەبێت لەدەستی بدەن، لەوەشەوە دنیای خۆیان بەدەست بهێنن.

کاوە کەریم